
# کاراکتەری (ڕەفیق) لە درامای ئوتێلی لانەوازاندا



حەمە ڕەشید هەرەس

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئوتێلی لانەوازان، یەکەم بەرهەمی (تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی) ئەو دراما تەلەفیزیۆنییەی زۆربەی کورد دیویێتی و لە کاتی خۆیدا و بە ئێستاشەوە دەنگێکی جوانی دایەوە و، لە هزری خەڵکی کوردا تۆمار بووە، ئەمەوێت منیش وەك کاراکتەری ڕەفیق لەو درامایەدا، بەرچاوڕوونییەك بدەم بە بینەرانی ئەو درامایە، چونکە کەسانێکی زۆر پرسیارگەلێك لە هزریاندا دەربارەی ئەو درامایە دێت و دەچێت. جا لە چەمکی کاراکتەری ڕەفیقەوە وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە دەدەمەوە.

ئوتێلی لانەوازان درامایەکی عەرەبی بوو (ثامر مطر) نووسەرەکەیەتی. ئەم درامایە لە هەشت بەش پێکهاتبوو، لە ڕەقابەی دەق چوار بەشیان لێ قرتاند و چوار بەشی مایەوە. کەواتە ئەو درامایە کە نیوەی لابرا، ئێمە نەمانهێشت بینەر بزانێت، کە نێوە درامایەکمان پێشکەش کردووە.

ڕەفیق تاکە کاراکتەری دراماکە بوو کە لایەنی خێر بوو، ئەوانی تر هەمووی کەسانی نامۆی ناو کۆمەڵگە بوون. لەو قرتاندنەی ڕەقابەی دەقدا، دوو بینراوی بەهێزی ڕەفیقیشی تیا قرتا، کە مایەی نیگەرانییەکی زۆرم بوو.

ڕۆژێکی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٣بوو، لە کوردستان مانگرتنی سەرتاسەری بوو، دژی ڕژێمی بەعس و پاشگەزبوونەوەی لە پەیمانی یانزەی ئازار، ئەو ڕۆژە ئێمە بەرەو بەغدا ڕۆیشتین بۆ تۆمارکردنی دراماکە. باری دەروونیی هەر یەکێکمان لەو پەڕی داخزاندا بوو، جگە لەوەش لەناو خۆمانا ئەو کاتە ئەوەندە کۆك نەبووین، بە کورتی ببووین بە دوو بەرەوە، شیروتیرمان لە یەك دەسوو، هۆکارەکەشی کەڵەکەبوونی زۆر شتی خودی و بابەتیی بوو، ئێمە (بەندە و دڵشاد مەریوانی و ڕەوف حەسەن و ئەحمەد سالار)، ئەوانی بەرامبەریشمان (تەها باراوی و کەمال سابیر و بە پلەی یەکەم و ئەو بەڕێزانەی تری ناو دراماکە و دەرەوەی). ئەمە مێژووی ئەو کاتەی ئەندامانی ئەو تیپە بوو، دەبێت بوترێت.








ئەو ڕۆژەی لە ستۆدیۆ تۆمارمان کرد، هەر لە بەیانی زووەوە ئێمەیان برد بۆ ئەوێ، درەنگانێکی شەو تۆمارمان کرد. ئەو کاتە کاربەدەستە عەرەبەکان بە هەموو شێوازێك ئازاری دەروونیان دەداین.

جا وەرە بیر بکەنەوە، لە لایەك کێشەی ناوخۆمان و لە لایەك کێشە لەگەڵ کاربەدەستانی عەرەب.

ئەو کاتە دڵم زۆر تەنگ بوو، دەترسام نەتوانم لە کاتی تۆمارکردندا، بە جوانی بچمە ناو ڕۆڵەکەمەوە، بیرم کردەوە، بچمە دەرەوەی ستۆدیۆکە پیاسەیەك بکەم.

چوومە ئەوبەر جادەکەوە، بیرم نەبوو، بزانم ئەمە کۆشکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعسە، ئەوەندەم زانی لە سێ چوار لاوە بۆم هاتن و چەکیان لێ سوار کردم، ئەفسەرێکم لێ هاتە پێشەوە و دەستی کرد بە پرسیارکردن و سووکایەتی پێکردنم، منیش زۆر بە ساردییەوە وەڵامم دەدایەوە، چونکە بیزانیایە دەترسم کێشەکەم سەختتر دەبوو، زۆر ماندوویان کردم. دواجار ڕەوف حەسەن و برادەرێکی ترمان لە دوورە منیان دی و هاتن بە هانامەوە، من چیم بە ئەفسەرەکە وت، ئەوانیش دووبارەیان کردەوە، پاش گێرمەوکیشە ڕێگایان دام بڕۆمەوە بەرەو ستۆدیۆکە، بەو ڕەوشە دەروونییەوە ئەو ڕۆڵەم بینی کە بینەرانی بەڕێز پێی ئاشنا بوون.

ئەو شوێنەی ئەو درامایەمان لێ تۆمار کرد، هەمان ئەو شوێنە بوو کە عەبدولکەریم قاسم-یان تێدا گوللەباران کرد، جێگای فیشەکەکان هێشتا بە دیوارەکەوە مابوون، ئەوەش ئازارێکی تری ویژدانی بۆ هونەرمەندێکی خاوەن هەست، کە دەبێت بە هەموو شێوەیەك ژینگەی بۆ بڕەخسێت داهێنان لە ڕۆڵەکەیدا بکات.

خۆزگە هەندێك نەریتی سەپاو کۆسپ نەدەبوون لە وتنی زۆر چەمکی هەستیار کە بە خوتوخۆڕایی بوونەتە لەمپەر، لە ڕێگای پیرۆزی خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

بمێنن بە دڵی خۆتان.



### عەلیا:

# هاوسەرەکەم رێگای هونەرم لێ ناگرێت

خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆلیۆد عەلیا بەهات کە ئێستا پەیوەندیی خۆشەویستیی و هاوسەرگیری هەیە لەگەڵ ئەستێرەی بۆلیۆد رانبیر کاپۆرهەیە، رایگەیاند کەوا هاوسەری دوارۆژ بە هیچ شێوەیەك ناچاری ناکات واز لە کاری نواندن بهێنێت لە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کە بڕیاریان داوە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامی بدەن.

عەلیا بەوە ناسراوە کە بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ جەماوەر و هەوادارانی خۆی و ئەم وتانەشی لە میانەی پرسیاری یەکێك لە هەوادارانی لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرامەوە بوو، کاتێك لێی پرسی: ئایا واز لە کاری هونەری دەهێنیت لە پێناو هاوسەرگیری؟

لە وەڵامدا عەلیا گوتی: لە پێناو هاوسەرگیری پێویست ناکات واز لە هیچ کارێك بهێنم، بەتایبەتی کاری هونەری، چونکە هونەری نواندن لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە، ئەوەشتان بیر نەچێت کە من و رانبیر لە رێگای هونەرەوە یەکتریمان ناسیوە و هەر لە رێگای هونەریشەوە بوو ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوانمان درووست بوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەك رێگام لێناگرێت و بەردەوام دەبم لە کاری هونەری، بەپێچەوانەوە لەمەودوا دڵنیام کە زیاتر هاوکاریم دەکات بۆ ئەوەی لە کارەکانمدا سەرکەوتوو بم.

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە عەلیا بە (هند توادی)یان راگەیاند: ئێستا عەلیا لە قۆناغێکی گەورەی ژیانیدایە، لە حاڵەتێکی خۆشەویستیدا دەژیت و خۆی خۆشەویستەکەی باشتر لە یەکتری و سرووشتی کاری یەکتری دەگەن، هەرچەندە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٠ ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، بەڵام عەلیا رایگەیاند لەوانەیە سوپرازێك رووبدات و زووتر ببنە هاوسەری فەرمی، بەتایبەتی ئەگەر کەسوکاری رانبیر داوا بکەن.



# پرایس لە هەموو لایەک

چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ رایانگەیاند دوای ئەوەی ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگی ناسراوی بەریتانی کاتی پرایس لە چەند پڕۆژەیەکی بازرگانی دوچاری زەرەر و زیانێکی زۆر بووەوە و لەبەردەم لقێکی دادگای باڵای لەندەن لە رۆلز ئامادە بوو، لە ئێستادا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە فەرمی ئیفلاسبوونی خۆی رابگەیەنێت.

سەرچاوەکان ئەوەشیان راگەیاند، پێشتر سەروەت و سامانی پرایس بە ٤٥ ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی دەخەملێندرا، بەڵام دوای جیابوونەوەی لە کیر هایلری هاوسەری سێیەمی و داڕووخانی چەند



# ڕۆژنامەنووسێک تیرزی تووڕە کرد

ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئەوانەی بەدوای هەواڵ و وێنەی هونەرمەندان و ناودارانددا دەگەڕێن دەبنە مایەی بێزارکردنیان و زۆر جاریش دەگاتە ئەو ئاستەی کە کاردانەوەیان زۆر توند بێت بەرامبەر بەو ڕۆژنامەنووسانە، وەك سكاڵا تۆمارکردن، یاخود لێدان و قسەی ناشیرینیان ئاراستە بکەن.

بەم دواییە خانمە ئەکتەری تورکی بورتشین تیرزی ئۆغلو لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی خەریکی نانخواردن بوون لە چێشتخانەیەکی ماسی خواردندا، ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس و وێنەگر لە دەرەوەی چاوەڕێیان دەکرد بۆ ئەوەی وێنەیەکیان بگرن و چەند لێدوانێکی لێ وەربگرن، بۆرتشین کە هاتە دەرەوە قسەی بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد و باسی لە دوایین کاری هونەریی خۆی کرد کە بریتییە لە زنجیرە درامایەك و لەم بارەوە وتی: زنجیرەی (حامی) دوایین کاری هونەری منە کە یەکەم بەرهەمی تورکیی کۆمپانیای«Netflix»ی جیهانییە و لە ئێستادا پەیوەندیم بە تیمی زنجیرەکە کردووە و دەستمان بە وێنەگرتنی کردووە و کارەکانیش زۆر بە باشی بەڕێوە دەچن و هیوادارم یەکێك بێت لە کارە سەرکەوتووەکانم.

دواتر یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان پرسیارێکی تایبەت سەبارەت بە ئەستێرەی تورکی ئاتای ئۆلسۆن کرد کە لە ئێستادا بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە چوار ساڵ و دوو مانگ لە دادگا سزا دراوە و لە بارەی ئەگەری ئازادکردنی پرسیاری کرد، ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونی بورتشین تیرزی و زۆر بە تووڕەییەوە وتی: ئەم بابەتە تایبەت نییە بە من و هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە و ئازادکردن و ئازادنەکردنیشی بۆ من زۆر گرنگ نییە.

دواتر زۆر بە تووڕەییەوە شوێنەکەی جێهێشت و پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەشی نەدایەوە و ڕۆیشت.

## ـــــەوە ئیفلاسی کرد

پرۆژەیەکی بازرگانی ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئیفلاسبوونی خۆی رابگەیەنێت، جگە لەمەش هەزاران دۆلار قەرزدارە، بۆ ئەوەی خۆی لەم کێشە گەورەیە رزگار بکات، پرایس هەوڵ دەدات ئەو کۆشکەی خۆی کە لە هاوسەری پێشووتری کڕیبووی و دەکەوێتە رۆژئاوای ساسکس، بە نیازە بیفرۆشێت بۆ ئەوەی فشارەکانی سەری کەم بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای سەختیی بارودۆخەکەی، پرایس لە چەند هەفتەی رابردوودا هەوڵی دا بە هەموو شێوەیەك خۆی لە ئیفلاسبوون رزگار بکات، یاخود هەرچۆنێك بێت بۆ ماوەیەك دوای بخات، بەڵام دانیشتنی دادگا دوایین هیوای بوو بۆ رزگاربوون لەو بارودۆخە و پێدەچێت ناچار بێت رووبەڕووی ئەوە ببێتە و نەتوانێت خۆی رزگار بکات، سەرەڕای ئەوەی کە ئاکامەکانی زۆر ناخۆش و سەخت دەبن.

شایەنی باسە شێوازی ژیانی کاتی پرایس لە چەند ساڵی رابردوودا زۆر لە تواناکانی بەرزتر بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆ جاری سێیەم لە هاوسەرەکەی جیابۆوە، بۆیە گشت سەروەت و سامانەکەی لە دەست دا، بە جۆرێك ئێستا بڕە پارەیەکی زۆر قەرزداری دوایین هاوسەریەتی کە لە دادگای داوای گێڕانەوەی پارەکەی کردووە.



سەحەر تەها

ئەکتەرو نمایشکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# زۆربەی کچان لە بەر تەشەر و توانج خۆیان لە بواری کۆمیدی نادەن

ژمارەیەکی زۆر لە کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە کارە هونەرییەکان، بەتایبەتی نواندن و نمایشکاری جلوبەرگ و توانیویانە لە بوارەکەی خۆیاندا سەرکەوتوو بن. سەحەر تەها یەکێکە لەو کچە ڕۆژهەڵاتییانەی کە پەیمانگەی کۆمپیوتەری لە مەهاباد تەواو کردووە، دواتر هەوڵدەدات خەونی منداڵیی خۆی بێنێتەدی، بۆیە دەچێتە کۆلیژی هونەر، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت ناتوانێت کۆلیژ تەواو بکات، لەبەر ئەوەی ڕوودەکاتە هونەری وەرزشکردن، دەبێتە ڕاهێنەری لەشجوانی، بەڵام پاشان بەهۆی بەشداریکردن لە چەند کارێکی هونەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودەردەکات، دواتر بەهۆی ڕێگری لە ژنان بۆ کاری هونەری ڕوودەکاتە باشووری کورستان، ماوەی دوو ساڵیشە لە باشووری کوردستان کاری هونەری دەکات، گوڵان لەسەر پڕۆژەکانی داهاتووی ئەم هەڤپیڤینەی لەگەڵ کردووە.

*** نوێترین کاری هونەریت چی بووە؟**

-نوێترین بەشداریکردنم لە کاری سینەمایی فیلمێک بوو، کە لە شاری کۆیە بەرهەمهات، فیلمەکە باس لە مێژووی کریستیانەکان لە عێراق و مەینەتییەکانی ئەوان دەکات، لەم فیلمەدا من بەهۆی ئەوەی تورکییەکی باشم دەزانی، رۆڵی دادوەرێکی تورکم دەبینی، پێموایە یەکێك بوو لەو فیلمە سینەماییە بەهێزانەی کە دوای تەواوبوونی لە فێستیڤاڵەکان پێشوازییەکی باشی لێ دەکرێت.

*** داواکاری زۆرت لەلایەن دەرهێنەرەکانەوە بۆ دێت؟**

- بێگومان داواکاری زۆرم بۆ دێت، بەڵام هەوڵدەدەم لەگەڵ باشترین دەرهێنەر کار بکەم، بۆ رەمەزانی ئەمساڵ بەشداریم لە درامایەکی تورکمانی لە هەولێر کرد، کە لە کەناڵێکی عێراقی پەخش دەکرا، من هەوڵدەدەم رۆڵی خۆم بە باشی لە فیلم و درامایەکان ببینم.

*** ماوەیەکە شانۆگەری کۆمیدی لە باشووری کوردستان پێشکەش دەکرێت و بینەری زۆری هەیە، تێوش لە چەند شانۆگەرییەکی کۆمیدی بەشداریتان کردووە، ئاستی ئەم شانۆگەرییانە چۆن دەبینی؟**

- پێموایە لەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان کۆمیدیا بە گشتی زۆر گرنگ و پێویستە، ئەم خەڵکە پێویستە لە رێگەی شانۆگەریی کۆمیدی زەردەخەنە و پێکەنین بگەڕێنینەوە سەر لێوانیان.

*** خەڵك رەخنەی زۆر لەو کارانە دەگرن کە ئێستا بە ناوی کۆمیدیاوە پێشکەش دەکرێن، سەبارەت بەو رەخنانە رات چییە و ئایا لە جێی خۆیاندان؟**

- بێگومان هەموو کارێك لایەنی باش و خراپی هەیە، بەڵام من دووبارە دەیڵێمەوە کۆمیدیا لەم بارودۆخە زۆر پێویستە، گرنگە خەڵك روو لە هۆڵەکانی شانۆ بکات و تێکەڵی کاری هونەری بێت، پێموایە ئێستا شانۆی کۆمیدی جەماوەرێکی زۆری هەیە.

*** سەرەرای ئەو ئازادییەی ئێستا هەیە، بەڵام ژمارەی ئافرەتان لە بواری هونەریدا کەمە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هۆکاری کەمیی خانمە شانۆکاری بواری کۆمیدی ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمە هەموو شتێك بە عەیب و شەرم دەزانن، بۆیە شانۆکارەکان زۆر خۆیان لە بواری کۆمیدی نادەن، بۆ ئەوەی دوور بن لە توانج و گلەیی خەڵکی، زۆر کچ هەیە حەز دەکەن ببنە شانۆکاری کۆمیدی، بەڵام بنەماڵەکەیان رێگایان پێنادەن و ئەم کارە بە شەرم دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا کچانی رۆژهەڵات ئەو کۆت و بەندەیان شکاندووە و لەم بوارە کاری باش دەکەن، بەڵام هەمیشەش توانج لە کچانی رۆژهەڵات دەدەن.

*** زیاتر حەز لە بواری سینەما، یان شانۆ دەکەی؟**

- سینەما حەزو خولیا و هیوایەتی من بووە، دوای سینەماش زۆر حەزم لە کاری مۆدێلینگە و دواتر شانۆ، من پێموایە هەریەکەو تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە، بەتایبەتی کاتێك لەسەر شانۆ بەرامبەر کۆمەڵێك خەڵك نواندن دەکەم، زۆر هەست بە شانازی دەکەم، ئەمە خۆشترین هەستم پێ دەبەخشێت.

*** چی وای لێکردی کە کاری نمایشکاری جلوبەرگ هەڵبژێری، مەرجەکانی کچی نمایشکار چین؟**

- هەڵبەتە هەموو کەسێك بۆ کاری مۆدێل و نمایشی جلوبەرگ ناگونجێت، دەبێت هەندێ مەرج و تایبەتمەندی وەك کێشی لەش و بەژن وباڵا و پێوەری دیکە بۆ مۆدێلی هەیە، پێموایە بەشێکی زۆر لە مەرجەکان لە مندا هەیە، بۆیە بەشداری لە زۆربەی نمایشەکانی کوردستانم کردووە، هاوکات سەما ئیسماعیلی، مۆدێلی ناودار زۆر هاوکارم بووە بۆ کاری هونەری و مۆدێلی.

*** شارەزاییت لە سەماکردن هەیە؟**

- بێگومان حەزم لە هەموو سەماکانە، من چەندین جۆر هەڵپەڕکێی کوردی دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا سەمای ئێرانی و تانگۆ، سالسە، ئازەری، سەمای عەرەبی، بەراستی زۆر زۆر شەیدای سەمای عەرەبیم، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە خەونەکانم ئەوە بووە ببمە راهێنەری سەما، بەڵام هێشتا ئەو خەونەم نەهاتووەتەدی.

*** نەشتەرگەری جوانکاری تا چەند بۆ هونەرمەند پێویستە و ئایا تۆش ئەنجامت داوە؟**

- تا ئێستا هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاریم نەکردووە، هەموو خەڵك کاتێك وێنەکانم دەبینن، دەڵێن تۆ نەشتەرگەری جوانکاریت کردووە، بەڵام من دڵنیایان دەکەمەوە نەمکردووە. ئەگەر نەشتەرگەری جوانکاری بکەم، یەکەمجار بۆ لووتم دەکەم، چونکە هەست دەکەم تەنیا لووتم کەمێك پێویستی بە نەشتەرگەریی جوانکاری هەیە، هەرچەندە برادەرەکانم زۆر پێم دەڵێن تۆ هیچ شوێنێکت پێویستی بە نەشتەرگەری جوانکاری نییە.

*** رات چییە بەرامبەر بە سۆشیال میدیا کە ئێستا بووەتە بەشێکی گرنگی ژیانی هونەرمەندان؟**

- تەنیا ئینستاگرامم هەیەو گرنگی زۆری پێدەدەم، فێسبووکم نییە، بەڵام چەندین ئەکاونت و لاپەڕە بەناوی منەوە کراونەتەوەو بەناوی من قسە لەگەڵ خەڵك دەکەن، بۆیە لە رێگەی ئێوەوە رایدەگەیێنم کە جگە لە ئینستاگرام هیچ لاپەڕەیەکی دیکەم لە سۆشیال میدیا نییە.

*** سەبارەت بە رزگاربوون لە رەبەنی و پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی چی دەڵێی؟**

- تاوەکو ئێستا بیرم لە شووکردن نەکردووەتەوە، حەز دەکەم جارێ گرنگی بە کارە هونەرییەکانم بدەم، چونکە ئەگەر شوو بکەم، رەنگە نەتوانم لە کارە هونەرییەکانم بەردەوام بم، بۆیە جارێ بیری لێ ناکەمەوە، چونکە ئێستا خیانەتکردن گەلێك زۆر بووە.

